# ئەو کەسەی کە نوێژ دووبارە دەکاتەوە ئایا دەبێتە ئیمام بۆ ئەو کەسەی کە نوێژی نەکردووە

< كوردي >

شێخ محمد صالح العثیمین

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# المعيد للجماعة هل يكون إماما لمن لم يصل بعد

< كردي >

محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئەو کەسەی کە نوێژ دووبارە دەکاتەوە ئایا دەبێت بە ئیمام بۆ ئەو کەسەی کە نوێژی نەکردووە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد کوڕی صالح العثیمین کراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

**پرسیار :** ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کە دەفەرموێت : " من يتصدق على هذا ؟ " واتا : کێ خێرێك بەم کەسە دەکات، سەبارەت بەوەی کە نوێژی جەماعەتی لەکیس چووە، ئایا ئەو کەسەی کە هەڵدەسێت نوێژەکەی لەگەڵ دەکاتەوە و خێرێ پێ دەکات، دەبێت بە ئیمام بۆ ئەو کەسە، یان دەبێتە نوێژ خوێن لەدوایەوە؟ وە ئایا نوێژەکەی بە تەواوی دەکات، یان تەنها دوو ڕکات دەکات ؟ وە ئایا ئەم نوێژە لەو کاتانەی کە ڕیگری کراوە تێیدا نوێژ بکرێت ئەنجام دەدرێت ؟ بۆ نموونە لە پاش نوێژی عەسر بۆ ئەو کەسەی نوێژی جەماعەتی عەسری لەکیس چوو بێت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکەم : دەبێت بزانین دووبارە کردنەوەی نوێژ لەو مزگەوتەی کە نوێژەکەی تیدا دووبارە دەکرێتەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە :

بەشی یەکەم : ئەگەر هاتوو دوبارە کردنەوەی نوێژ لەو مزگەوتەدا بە بەردەوامی بوو، واتا : خەڵکی ڕاهاتبوون کە هەموو نوێژێك چەند جەماعەتێك بکەن، لێرەدا دەڵێین جەماعەتی دووەم بیدعە و داهێنراوە لە دیندا، چونکە ئومەتی ئیسلامی لەسەریان واجبە کە لەسەر یەك پێشەوا و ئیمام ڕێك بکەون - وەهەمیشە سوور بن لەسەر ئەوەی کە خۆیان بپارێزن لە چەند جەماعەت کردنێك -.

بەشی دووەم : ئەگەر هاتوو کردنەوەی جەماعەتی دووەم کارێکی بەردەوام وهەمیشەیی نەبوو، ئەوە دەڵێین : ئەم جەماعەت کردنەوە کارێکی ڕێگا پێدراوە لەشەرعدا، وە هەرکەسێکیش بڵێت : بیدعەیە ئەوە هەڵەی کردووە .

جا کاتێك کۆمەڵێك کەس چوونە مزگەوتەوە، و نوێژی جەماعەتیان لە کیس چوو بوو، ئەوا نوێژەکەیان بە کۆمەڵ وپێکەوە دەکەن، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه

وسلم ) فەرموویەتی : « صلاة الرجل مع الرجل أزكى من صلاته وحده، وصلاته مع الرجلين أزكى من صلاته مع الرجل، وما كان أكثر فهو أحب إلى الله » واتا : نوێژی کەسێك لەگەڵ کەسێکی تردا باشترە لەوەی کە خۆی بەتەنها نوێژ بکات، وە نوێژی لەگەڵ دوو کەسی تردا باشترە لەوەی لەگەڵ یەك کەسدا نوێژ بکات، وە تا چەندێك ژمارەیان زیاتر بێت، ئەوە خۆشەویسترە لای خوای گەورە ..

چونکە ئەو کەسەی کە چوویە مزگەوتەوە، پێغەمبەر و هاوەڵان لە نوێژی جەماعەت بوو بوونەوە، ولەو کاتەدا کە ئەو کەسە هاتە ناو مزگەوت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئەوە کەسێك نیە خێریك بکات بەم کەسە و نوێژی لەگەڵدا بکاتەوە، ئەوە بوو یەکێك لە هاوەڵان هەستایەوە و نوێژی لەگەڵدا کردەوە،،، کەواتە لەمەوە تێدەگەین ئەم جەماعەتەی دووەم کە دوای نوێژی جەماعەتی پێغەمبەر و هاوەڵان بووە، بە شێوەیەکی بەردەوام شتی وا نەبووە، -کە هەر کەس بێتە مزگەوتەوە و بۆ خۆی جەماعەت دووبارە بکاتەوە - ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە نەبوو، ئەوا نە مەکرووهە و نە حەرامە و نە بیدعەیە .

سەبارەت بە پرسیاری دووەمیش :

ئایا ئەو کەسەی کە هەڵدەسێتەوە و نوێژەکە دووبرە دەکاتەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا و خێرەکەی پێدەکات، ئایا دەبێت بە ئیمام یان دەبێت بە مەئموم ونوێژ خوین لەدوای ئەو کەسەوە کە تازە نوێژ دەکات ؟ پێوانەی ئەمە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ( صلى الله عليه وسلم ) کە فەرموویەتی : « يؤم القوم أقرؤهم لكتاب الله » واتا : ئەو کەسەی کە زیاترە لە قورئان خوێندنەوە وشارەزاترە و جوانتر قورئان دەخوێنێتەوە دەبێت نوێژ بۆ خەڵکی بکات، جا ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە هەستایەوە و وویستی جەماعەت لەگەڵ ئەو کەسەدا دووبارە بکاتەوە شارەزاتر بوو لە قورئان، ئەوا با ئەو ببێت بە ئیمام بۆ ئەو کەسەی کە تازە هاتووەتە ناو مزگەوت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە هاتە ناو مزگەوت شارەزاتر بوو با هەر خۆی ببێت بە ئیمامیش، خۆ ئەگەر هەردووکیان وەك یەك شارەزا بوون لە قورئان یان شارەزاییان لەیەکەوە نزیك بوو، ئەوا ئەو کەسەی کە تازە هاتووەتە ناو مزگەوت دەبێت بە ئیمام و پێش نوێژ، و کەسەکەی تر لە دوایەوە دەبێتە نوێژخوێن، بۆ ئەوەی کەسی دووەم نوێژەکەی بۆ سوننەت بێت لەدوای کەسێکەوە کە نوێژی فەرز دەکات، وە هیچ گرفتیش نیە کە ئەوەی کە هاتە ژوورەوە ببێت بە نوێژخوێن و ئەوەی تریش کە نوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە ببیت بە پێش نوێژ وئیمام، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو کارەی مەعاذی کوڕی جەبەل بوو ( خوای لێ ڕازی بێت ) کاتێك کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نوێژی عیشای بە جەماعەت کرد، وە کاتێکش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ ناو ماڵ ومنداڵەکەی جارێکی تر نوێژی بۆ ئەوان کردەوە، ئەو نوێژە بۆ ئەو سوننەتە وبۆ ئەوانی تر فەرزە..

سەبارەت بە پرسیارەکەی تریشت : کە ئایا نوێژەکەی بە تەواوی دەکات لەگەڵیدا، یان تەنها دوو ڕکات دەکات ؟ وەڵامی ئەمەش ئەوەیە : نوێژەکەی لەگەڵدا بە تەواوی دەکات، تەنانەت ئەگەر نوێژی مەغریب بوو، ئەوا سێ ڕکاتی لەگەڵدا دەکات، وەك ئەو کەسەی کە هاتوەتە ناو مزگەوت نوێژەکەی بە تەواوی دەکات ..

سەبارەت بەو پرسیارەش : ئایا دەکرێت ئەم نوێژ دووبارە کردنەوە لەو کاتانەدا بێت کە ڕێگری نویژیان تێدا کراوە ؟ وەڵامەکەی : بەڵێ لەو کاتەدا دەتوانیت نوێژ لەگەڵ ئەو کەسەدا بکاتەوە کە دێتە ناو مزگەوت، ئەگەر چی لەو کاتانەشدا بێت ڕێگری کراوە نوێژی تێدا بکەیتەوە - بۆ نمونە کەسێك نوێژی عەسری کردووە و کەسێکی تر تازە دێتە ناو مزگەوتەوە، ئەوا دروستە لەو کاتەدا نوێژەکەی لەگەڵدا دووبارە بکەیتەوە بە جەماعەت – چونکە ووتەی پەسەند و (راجح) تر لە ووتەی زانایان ئەوەیە : ( هەر نوێژێکی سوننەت هۆکارێك هەبوو بۆ کردنی ئەوا ڕێگری نیە لەکردنی ) کاری خاوەن هۆکار لەو کاتانەی ڕێگری تێدا کراوە دروستە، چونکە سوننەتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پشتگیری ئەم بۆ چوونە دەکات ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : زنجیرە چاوپێکەوتنی مانگانە، چاوپێکەوتنی مانگانەی ژمارە (1) .